# ئەمجارەش دەستی ڕەش و تاوان هەولێری خەڵتانی خوێن کرد

**بەختیار عەبدول قەرەگۆلی**



ڕۆژی 9 ئایار بۆ جارێکی تر شەم شەمە کوێرەکانی جەهل و نەزانین دەستی خۆیان بە خوێنی دەیان خەڵکی هەولێر سور کرد، ئەو کەسانەی کە دژی هەموو جوانیەکان و پێشکەوتن و ئاوەدانین ئەوکەسانەی کە دژی عەشق و ئەویندارین ئەوکەسانەی کە هەردەم خەندە و پێکەنین لە لێوەکانیان بزر بووە ئەوکەسانەی کە هەڕەشە لە سەرجەم مرۆڤایەتی جیهان دەکەن، ئەوکەسانەی غەیری کوشتن وبرین و کاول کردن هیچی تر نازانن، توانیان لە ئەنجامی کەم تەرخەمی دەزگاکانی پاراستن و ئاسیش و پۆلیس بەردەم بارەگاکانیان بگرن و تەحەدای هەموو دەستەڵاتێکیان بکەن و لە خەوی قوڵ و درێژ بەخەبەریان بێنن ، کاتیک کاربەدەستانی دەسەڵات ڕوبەڕوی گلەی و ڕەخنەکانی خەڵکی کوردستان لە سەر کەمتەر خەمی و بێئەزموونی و بێبەرنامەی و گەندەڵی و خراپی خزمەت گوزاری، وەک کارەبا و سوتەمەنی و ئاو ڕێگاو بان وهاتوچۆ دەبونەوە، بێ سێ و دوو بەشێوەیەک لە شێوەکان دەیان بردەوە بۆ مەسەلەی ئەمنیەت و ئاسایش لە وڵاتدا لە زۆر چێگادا شانازیان، یان بڵێین بە کوردیە پەتیەکەی منەتیان بەسەر دا دەکردین ،ئەوەنیە ئەمن و ئاسایش مان بۆ بەرقەرار کردوون؟ ئەوەنیە عێراق خەڵتانی خوێن بوە و سنورەکانی ئێمە تۆکمەو پارێزراوە بە هۆی پیاوانی ئاسیش و پۆلیسەوە ؟ ئەوەنیە دەستی تیرۆرمان لە ناوچەکەدا بڕیوە؟ ئاگاتان لێنیە چی موئامەرەیەکی نێوخۆی وئیقلیمیی مان لەسەرە؟ بەم جۆرە و تانە دەهاتنە گۆ و هەردەم داوایان دەکرد خەڵکی دەبێت بزانێت کە ئەوە لە دەستەڵاتی ئێمەدا نیە و دان بەخۆتاندا بگرن لە کاتێکدا خەڵکی بێزار دەبێت و هاوار دەکات با دامەزراندن و بەشداری کردن لە داموو دەزگاکانی حکومەت دا بە بێ پشگیری حیزب بێت هەرچی لەگەڵ خۆتان بێت کوردە و دڵسۆز و بەوەفایە باقی تری خەڵکی جێگای گومانبێت،با چیترخەڵکی بەبێ جیاوازی لەسەر تواناو شارەزای و لێ هاتووی خۆی دابنرێت نەک بە تەسکیەی حیزب ،باچیتر کولتوری بەعس فڕێبدرێتە سەبەتەی خۆڵەکانەوە و کاری پێنەکرێت . با داموو دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس موڵکی هەموو خەلک بن نەک پارتی ،با پەیوەندی پیاوانی ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ هەموو خەڵکیدا بتەو تۆکمە و کارابێت نەک هەر حیزبی. تەقینەوەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای وتەکانی بەڕێز بەرزانی لە ڕۆژی 5/8 لە بەردەم پارلەمانی ئەوروپادا ڕەد کردنەوەی ئەو وتەیە بوو لە هەرێمی

کوردستان ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە و دەستی تیرۆر دورە لە هەرێمەکەدا، تیرۆریستان ئەوەیان سەلماند کە هەرکات بیانەوێت دەستی ڕەشی خۆیان بوەشێنن لە حەساس ترین شوێن دەتوانن ئەو کارە بکەن .

لە کۆنگرە ڕۆژنامەگەریەکەی بەڕێز نێچیرەڤان بەرزانیدا لەدوای سەفەرەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەگەر هەڵەنەبم یەکەم داواکاری ڕۆژنامەنوسان لەسەرۆکی حکومەت ئەوە بوو پیاوانی ئاسایش و پاسەوانانی خۆدی خۆی با چیتر فەرق و جیاوازی لەنێوان رۆژنامەنوساندا نەکەن و هەموو ڕۆژنامەنوسان بە یەک چاو سەیر بکەن، ئەمە نموونەیەکی زیندوە کە پیاوانی ئاسایش و پۆلیس لە وڵاتی ئێمەدا لەسەر ئینتیمای حیزبی تەعامول لەگەڵ خەڵکیدا دەکات نەک دڵسۆزی، ئەگەر پاشەڕۆژ هەرچی بوبیت و هەرچیت کردبێت گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ لەگەڵ حیزبیان بیت وەک شێخ زانا وملازم دلێر و تۆڕەکەیان کە دەرگاکانیان کراوە بوو بۆیان،دامودەزگایەکی لەم شێوەیە سەد لە سەدی حیزبی بن و بەشێوە سیستە ماتیکێکی فول حیزبی پەروەردە کرابن داواکاریەکی لەو شێوەیە هەروا ئاسان نیە جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر دەتەوێت رێگات پێبدرێت، ئەگەر دەتەوێت لای دەستەڵاتی کوردی دڵسۆزبیت، ئەگەر دەتەوێت داواکاریە کانت جێبەجێ بکرێت، ئەگەر دەتەوێت بەشت نەخورێت ،فرموو ببە بە پارتی لە هەولێر یان ببە بە یەکێتی لە سلێمانی ،ئەوکات تۆ کوردێکی عەیارە 24 ریت.

2007/5/11